# ئاگاداریی

هاونیشتمانانی خۆشەویست، مرۆڤدۆستان!
کوردانی دانیشتووی شاری ئۆسلۆ و دەوروبەر!

بە بۆنەی شەهیدکرانی پۆلێک لە ئازادیخوازان و چالاکانی سیاسیی کورد، کە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٠/٠٥/٠٩ بە دەستی ڕژیمی کۆنەپەرست و دژەمرۆڤی کۆماری بە ناو ئیسلامیی ئێران ئێعدام کران، واتە شەهیدان: فەرزاد کەمانگەر، فەرهاد وەکیلیی، شیرین عەلەمهولیی، عەلی حەیدەرییان و مەهدی ئیسلامییان، پارت و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییە کوردستانییەکان لە وڵاتی نۆرویژ، ڕێپێوانێکی هێمنانە بۆ مەحکومکردنی ئەو تاوانە دژەمرۆڤانەیە و لەقاودانی سیاسەتی گرتن و ئێعدام و بێسەروشوێنکردنی ئازادیخوازان و چالاکانی سیاسیی نەتەوەکەمان ڕێکخستووە.

بەم بۆنەوە داوا لە هەموو هاونیشتمانان، ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستانی کوردی دانیشتووی وڵاتی نورویژ، بە تایبەتیی شاری ئۆسلۆ و دەوروبەری دەکەین، چالاکانە بەشداریی لەم ڕێپێوانەدا بکەن.

با هەموومان پێکەوە ئەو تاوانانەی لەلایەن دوژمنانی کوردەوە بەرانبەر بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەکرێ ریسوا بکەین .

ڕۆژی ڕێپێوان : هەینی ٢٠١٠/٠٥/١٤
کات : کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ
شوێن : لە بەردەم پەرلمان بۆ بەر دەرگای وەزارەتی دەرەوە.

بە هیوای بەشداریی چالاکانەی هەمووولایەک
بژین بۆ کوردستان

لەگەڵ ڕێزماندا

١- کومیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ، کە بریتیە لە:
ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان
پارتی سەربەخۆیی کوردستان
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان
بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارتی سەربەستیی کوردستان
٢- پارتی ئازادیی کوردستان
٣- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٤– سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
٥– ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە نۆرویژ
٦– حیزبی شیوعیی کوردستان
٧– چاودێری کوردۆساید (چاک)
٨– ناوەندی چاک
٩– ئێس ئۆ ئێس ـ راسیسمە
١٠ ـ کەمپینی بەجیهانییکردنی ژینوساید دژ بە گەلی کوردستان